سودانی سەردانی ئەمانیا دەکات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ پێنجشەممە، دوای کۆتاییهێنان بە سەردانە فەرمییەکەی بۆ پراگی پایتەختی چیک، بەرەو ئەمانیا بەڕێکەوت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتەبع کۆتووە،بڵاویکردۆتەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەرەو ئەمانیا بەڕێکەوت بۆ بەشداریکردن لە "کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش" لە خولی 61"ـەمینیدا، دوای کۆتایی هاتنی سەردانێکی بۆ پراگی پایتەختی چیک کە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆ گرت:

- ئەنجامدانی گفتوگۆی بەرفراوان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی چیک.
- ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سەرۆک کۆماری چیک.
- ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی چیک.

■ سەرپەرشتی کردنی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی گواستنەوەی ئاسمانی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانی عێراق و چیک.

■ سەرپەرشتی کردنی واژۆکردنی 5 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کە لە ئێمانەی خوارەوە پێکدێت:

● یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی چیک.

● ڕێشنووسی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆی عێراق و چیک.

● یاداشتنامەی هاوکاری لە نێوان هەردوو فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق و چیک.

● یاداشتنامەی هاوکاری لە نێوان هەردوو فیدراسیۆنی ژوورەکانی بازرگانی عێراق و چیک.

● بەڕێنەنامە لێگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق.

■ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ژووری بازرگانی و فیدراسیۆنەکانی پیشەسازی لە عێراق و کەماری چیک.

■ دیدار لێگەڵ ڕێوڕەسمی عێراقی لە کەماری چیک.

■ پێشوازیکردن لە نوێنەری کەمپانیای (ئایرێ ڤێدچێدی) کە کەمپانیایەکی تایبەتە بە دروستکردنی فڕۆکە.

■ پێشوازیکردن لە نوێنەری کەمپانیای (یونیس)، کە تایبەتمەندە بە پیشەسازی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی.